# چەمکی سێنتاکس لە هەندێ زماندا

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

## دەروازە

سێنتاکس لە زماندا واتای پێوەندی کردن بە ئەوی تر، یان بە زات دەگەیەنێت، بە واتای دایالۆگ و مۆنۆلۆگ بەرهەمی سێنتاکسن، کەواتە سێنتاکس لەو ڕووەوە خۆی زمانە، یان سینۆنیمی زمانە.

لەم کورتە وتارەدا هەوڵدەدەین بەشێک لەو چەمکە ڕوون بکەینەوە، بەوەی سێنتاکس دیاردەیەکی یونیڤێرسینالی - جیهانیی نییە، بەڵکو لە هەر زمانێکدا بە جۆرێکە، چونکە لە هەندێ زماندا چەند وشەیەکە لە هەندێکی تر تەنیا وشەیەکە، هەروەها لە کۆمەڵە زمانێک بەبێ هەبوونی (کردار) دروست نابێ، کەچی لە زمانی تر بەبێ کرداریش دروست دەبێ!

سترەکچەر - پێکهاتە، یان شێوەی داڕشتنی ڕستە پرسی سێنتاکس لە زمان یەکلا دەکاتەوە، هەروەها لێکسیکۆن و ڕیزبوونی لێکسیکۆن بە گوێرەی سترەکچەری زمان مانا پەیدا دەکەن.

## چەمکی سێنتاکس

ئاسان نییە چەمکی سێنتاکس بە بێ ئاماژەکردن بە زمان پێناسە بکەین. دیارکردنی ناسنامەی زمان، گرینگی مەزنی هەیە. ڕادفۆرد ٢٠٠٤ لە ل١ی سێنتاکسی ئینگلیزی (بە زمانی ئینگلیزی) سێنتاکس بە بەشێک لە ڕێزمان دەبینێت و دەنووسێت:" بە شێوە ترادیشنەلەکە لەم کتێبەدا چەمکی ڕێزمان دووبارە بۆ مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس دابەش کراوە. " نەک هەر ڕادفۆرێک زمانەوانێکی زۆر ئەوها چەمکەکە دەبینن لەوانە ئێیچسن. هەر لە هەمان لاپەڕەدا ڕادفۆرد لە پێناسەکردنی سێنتاکس لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوها



**چۆمسکی**

پێناسه دەکات: "سێنتاکس بریتییه لەو شێوازەی کە چۆن فریز و وشەکانی ڕستەیەک پێکەوە دێن بۆ دروستکردنی سترەکچەری ڕستە." لیندا تۆماس ٢٠٠٤، ل ١ باوەڕی وایە کە سێنتاکس بریتییە لە چۆنیەتی پێکەوە گونجانی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستە، یان ئاخاوتن. " ئەو هەموو سەرچاوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە لە ئینگلیزیدا هەبوونی چەند وشەیەک، یان فرێزێک یەکێ لە پێویستییەکانی ڕستەسازیی ئینگلیزییە. ئەو وشانە بە پێی پێکهاتە -سترەکچەری زمانی ڕیزکراون.

جگە لە زمانی ئینگلیزی، زمانی فەرەنسیش لە پێکهاتەوە نزیکە لە زمانی ئینگلیزی، بە واتای هەبوونی چەند وشەیەک مەرجن بۆ دروستکردنی ڕستە لە زمانی فەرەنسی. جیاوازی بنەڕەتی زمانی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزی لە جێندەرەکەیدایە. مۆگەر لە کتێبی Cours de langue et de civilization Francaises باس لەوە دەکات کە هیچ ڕستەیەکی فەرەنسی بێ جێندەر نییە، بە جۆرێک جیاوازی لە ئامرازی ناسین و نەناسین هەیە، بۆ نموونە

Un homme

پیاوێک

Une femme

ژنێک

Le crayon est sur la serviette.

قەڵەمەکە لەسەر جانتاکەیە.

La regle est sur le livre.

ڕاستەکە لەسەر کتێبەکەیە

p. 1-6

Je parle - من قسە دەکەم

Je mange du pain من نانەکە دەخۆم.

je prends take le pain. من نانەکە دەبەم

Je mange de la viands. من گۆشتەکە دەخۆم

p.19

کەواتە لە زمانی ئینگلیزی هەبوونی چەند وشەیەک، هەروەها لە زمانی فەرەنسی هەبوونی جێندەر (سێکس لە زمان) یەکێک لە مەرجەکانی پێناسەی سێنتاکس-ە. لەو دوو زمانەش، کار-کردار مەرجی تەواوی ڕستەن، بە واتای تەواوی ڕستە لەو دوو زمانە پابەندە بە هەبوونی(کردار).

زمانی عەرەبی بە پێچەوانەی ئەو دوو زمانەوەیە، لەو زمانە دوو جۆر ڕستەی هەیە

١-ڕستەی کرداری وەک

وصل محمد الى المدرسة.

٢- ڕستەی ناوی وەک

محمد مجتهد.

جیاوازییەکی تر ئەوەیە لە زمانی عەرەبیدا یەک وشە هەم وشەیە، هەم ڕستەیە وەک

(قتل- ئەو، ئەوی کوشت.)، هەروەها تەنیا لە وشەیەکدا کارا و کردار و بەرکار لە خۆ دەگرێت:

قتلهم (ئەو ئەوانی کوشت)

کوردیش وەک زمانی عەرەبی وایە، پێویست ناکات چەند وشەیەک هەبێت، بەڵکو تەنیا وشەیەک ڕستەیەکە:

- مرد.

- چوو.

- ڕۆیشت.

هەروەها عەرەبی و کوردی لە دیاردەی تر، سڕینەوەی بکەر -یش لە ئینگلیزی و فەرەنسی جودان -(هو) قتل.

-(ئەو) ژنەکەی کوشت.

بەڵام لە ئینگلیزی و فەرەنسی ناتوانین بێ هەبوونی (جێناو) ڕستە دروست بکەین:

He came-
-Je parle.

کـەواتە پێناسـەی سـێنتـاکس لە هەر زمـانێکدا پێناسەیەکی هەیە.

## سێنتاکس و سترەکچەر

سترەکـچەر، زمـان لە زمـانێکی تر جیـادەکـاتەوە. بۆ نموونە لەو ڕسـتانەی خوارەوە دەردەکەوێت، کـە ڕیزبوونی وشەکـان دەبێ لەسـەر بنەمـای سترەکـچەری زمـان بێت، ئەگەرنا لە ئینگلیزی و فرەنسی و کوردی، شێوەی وشە ناسنامەی کارا و بەرکار بە وشەکان نابەخشێت:

- Dogs chase cats.
- Les chiens chassent les chats.
- سەگەکان بە دوای پشیلەکان دەکەون.

هەمـان ئەو وشـانەی هێـڵـیـان بە ژێردا هاتووە، لەو ڕستانەی خوارەوە لە (کارا)یەوە دەبنە (بەرکار):

- Cats chase dogs.
-Les chats chassent les chiens.
-پشیلەکان بە دوای سەگەکان دەکەون.

ناسنامـەی (کارا) و (بەرکار)ی ئەو وشانە پەیوەستە بە شوێنیان لە ڕستە.

لە زمانی عەرەبی پرسی (کارا) و (بەرکار) بە (زەمە) و (فەتحە)، نەک شوێنی وشە لە ڕستە، جیا دەکرێنەوە:

– ضرب المعلم الطالب.

انما یخشی الله من عبادە العلماء

(المعلم) و (العلماء) بە هەبوونی زەمـەیەک شوێنیـان دیارە کـە (کـارا)ن، هەروەها (طالب) لە ڕسـتـەی یەکـەم کە دەکەوێتـە پاش (المعلم)، هەروەها (الله) لە ڕسـتـەی دووەم کەوتووەتە پێش (العلماء)، (بەرکار)ـە.

## سێنتاکس و یاساکانی داڕشتنی ڕستە

پێش نۆوم چۆمـسـکی لە ١٩٥٧، سـێـنتـاکس هەر بە چاوی کلاسیکی و سترەکچەری بلۆمفیلد مامەڵەی لەگەڵ دەکـرا. هۆرسـێی ٢٠٠٢ لە ل٨٦ی کـتـێـبـەکـەی دەنووسێت:" چۆمسکی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم شـۆڕشـێکی زمـانەوانی لە بواری سـێنتـاکس بەرپاکـرد بەوەی تیورێکی سێنتاکسی بەناوی ڕێزمانی گواستنەوە و بەرهەمهێنانی داهێنا." لەو ڕێزمانەدا، چۆمسکی چەند یاسـایەکی داڕشتنی ڕسـتـەی داهێنا، بە جـۆرێک لە ئەو چەند یاسایە دەتوانین چەند ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕسـتـە بەرهەم بهـێـنن. کـریسـتـال ١٩٩٢لە ل٣٧٩ خـودی سـێنتـاکس بریتـیـیـە لەو یاسـایانەی وشـەکـان بۆ دروسـتکردنی ڕسـتـە پێکەوە دەبەسـتـێـتـەوە. "ئەم یاسـایانەی چۆمـسکی و کـریسـتـال بۆ داڕشـتنی ڕسـتـە قـسـەی لەسـەر دەکـەن، ئۆوین تۆمـاس ١٩٧٤، ل٨٨ دەنووسێت: ناسـراون بە یاساکانی پێکهـاتەی فرێز، یان یاسـاکـانی کـاتیگۆری، یان یاسـاکـانی دووبارە نووسـینەوە." چۆمـسکی لە کـتـێـبی پێکهـاتەی سینتاکتیکی، کە وەڵامنامەیەک بوو بۆ بلۆمفیلدی باوکی بنیـادگـەری ئەمـریکی، دەنـووسێت: لەو چەند یاسـایەدا ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە دروست دەبن. لیندا تۆماس ٢٠٠٤، ل٩ دەڵێت: دەبێ وشـەکـان هەم پابەندی سترەکچەری زمان بن، هەم کۆلۆکۆیشن-سازان لەگەڵ یەک پێک بێنن.

ئەو کتێبەی چۆمسکی کاریگەری لەسەر سێنتاکسی کـوردی هەبوو، د. وریا عـومـەر ئەمین لە ١٩٧٦ـەوە لە زانکۆی لەندەن توێژینەوەیەکی بە زمـانی ئینگلیـزی بە ناوی (چەند یاسایەکی بنجیی داڕشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا)نووسی. ئەم کتێبە بۆ ناوەڕاستی حەفتـاکانی سەدەی بیسـتـەم، یەکەم کـتـێب بوو، کـە لەسەر تیوری سێنتاکس قسە لەسەر داڕشتنی ڕستە لە زمانی کوردی بکات.

## پێکهێنەرەکانی سێنتاکس

پاش ئەوەی زانیـمـان سێنتـاکس چییـە و چی بەڕێوەی دەبات، ئێـسـتـا دەرفـەتە قـسـە لەسـەر پێکهـێنەرەکـانی سێنتاکس بکەین. سێنتاکس لە ڕێزمانی (چۆمسکی)دا بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی و فرەنسی لە سێ پێکهاتە پێک هاتوون:

١- لێکسیکۆن ٢- ڕیزبوونی وشەکان ٣-ڕەگەزەکان

### لێکسیکۆن

لێکسـیکۆن پێکهـێنەری یەکـەمی سـێنتـاکس-ـە. کـریسـتـال ١٩٩٢ لە ل٢٢٧-٢٢٨ لە واتا و ڕۆڵی لێکسیکۆن دەدوێت و دەنووسێت:" لێکسیکۆن بریتییە لە دانە وشەکـانی زمان لە ڕووی تەکنیکییەوە بە وشەی لێکسـیکی، یان لێکسـیم ناسـراون. توێژینەوە لە

لیکسۆنی زمان پێی دەوترێت لێکسیکۆلۆژی. لێکسیکۆن هەڵگری واتایە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا لێکسیکۆن ئەو بەشەی سێنتاکسە کە فرە زانیاری لە خۆ دەگرێت دەربارەی ئەدگارە سترەکچەرییەکانی ئایتمی لێکسیکیی."

هۆرسێی ٢٠٠٢، ل٥١ دەنووسێت: هەبوونی لێکسیکۆن لە ڕستەدا پرۆسەی لەیەکتر گەیشتن زیاتر مەیسەر دەکات، چونکە وشەکان هەڵگری واتان. لێکسیکۆن بریتین لە لیستێکی هۆشەکی، ئەو لیکسیکۆنانە هەڵگری چەند ئەدگارن: زانیاری واتایی، زانیاری سینتاکتیکی و زانیاری مۆرفۆلۆژی و زانیاری فۆنەتیکی" بۆ ئەوەی ئەو هەموو ئەدگارە شرۆڤە بکەین، بە نموونەی وشەی (میوە) دەهێنینەوە، ئەو ئەدگارانە لەم وشەیە جێبەجێ دەکەین:

لە ڕووی واتاوە، واتای شتێک دەدات لە بوونەوەر کە جیایە لە شتی تر: (میوە) جیایە لە(سەوزە).

لە ڕووی سینتاکتیکییەوە وشەی میوە (ناو)ە، نەک کردار. لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوەش، شێوەی کۆی جیایە لە شێوەی تر، (میوە -میوەجات). لە کوردیدا شێوەی گۆکردنی وەک شێوەی نووسینیەتی.

جا بۆ ئەوەی ڕستە (ڕێزمانی) و (واتادار) بێ، دەبێ ئەو لێکسیکۆن-ە لە بەشەکانی ئاخاوتن بێت.

ئەو سێ ئەدگارییە، ڕێزمانییە، سیمانتیکییە، بەشەکانی ئاخاوتن، ئەم نموونەی خوارەوە دەهێنینەوە:

-بەفری زستان لە بەهار توایەوە.

* کوڕەکە توایەوە.

* بەفرەکە سەگەکەی تواندەوە.

* کچە قەیرەکە دوو منداڵی هەیە.

وشەکانی هەر سێ ڕستە لە کوردیدا وشەی لێکسیکین و لە فەرهەنگی کوردی هەن و بەشێکی ئاخاوتنن، بەڵام لە ڕووی واتا و کولتووری کوردییەوە پەسەند نین، چونکە نە کوڕەکە دەتوێتەوە، نە بەفر دەتوانێت سەگ بتوێنێتەوە و نە (قەیرە)ش منداڵی دەبێ، چونکە شووی نەکردووە.

## ڕیزبوونی وشەکان

مەرجەکانی لێکسیکۆن لە ڕیزبوونیش بە دەردەکەون. ڕیزبوونی وشە چاوەڕێ دەکرێ بە پێی سترەکچەری زمان بێت، بۆ نموونە لەوتاری تایپۆلۆژی لە زماندا، لە ژ٥ی گۆڤاری زمانناسی بڵاوکراوەتەوە، باسمان لەوە کردووە کە زمانەکان سترەکچەری جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە

– سترەکچەری ئینگلیزی بریتییە لە کارا + کردار + بەرکار.

– سترەکچەری کوردی بریتییە لە کارا + بەرکار + کردار.

– سترەکچەری عەرەبی بریتییە لە کردار + کارا + بەرکار.

جا ڕیزبوونی لێکسیکۆنەکان بەپێی سترەکچەری زمانەکان نەبێت، لێڵی و لادان دروست دەبێت. بۆ نموونەی ئەم ڕستەیەی کوردی بە سترەکچەری ئینگلیزی و عەرەبی ڕستەیەکی زمان شکاوە، واتادار نییە:

ئازاد نەوزادی کوشت. (کوردی)

+ئازاد کوشت نەوزاد. (ئینگلیزی)

+کوشت ئازاد نەوزاد. (عەرەبی)

هۆرسێی ١٩٩٢، ل١٠٠ دەنووسێت: بۆ ئەوەی ئینگلیزی و بورمی و وێلزی لە یەک جیابکەینەوە پێویستە پێگیری بە سترەکچەری هەر سێ زمان بکەین. لە هەندێ زماندا، ئەو ڕیزبوونە زۆر توندە، بەڵام لە هەندێکی تر خاوە، ئازادە بەڵام شێوازێک لە شێوازێکی تر پەسەندترە."

## ڕەگەزەکان

ڕەگەزەکانی ڕستە، کە بە ئینگلیزی پێیان دەوترێ(ئێلیمێنت). ڕەگەزەکان دوو جۆرن، جۆرێک سەرەکی، جۆرێکی تر لاوەکی. هەر هەموو پێیان دەوترێ بەشەکانی ئاخاوتن. جۆرە سەرەکییەکەی بریتین لە (ناو) (کردار) (ئاوەڵناو) (ئاوەڵکردار). بەشە لاوەکییەکەی بریتین لە (ئامراز) (جێناو) (حەرف جەر: ئامرازی پێوەندی) (بەستنەوە). بەشی یەکەم واتادارن، بەڵام بەشی دووەم بەهۆی ڕەگەزەکانی بەشی یەکەم واتا پەیدا دەکەن – ستاگەربێرگ ١٩٨١. ل٨٣-١٠٠. لە کوردیدا (-ێک) و(-ەکە) (-تر) (لە)...تاد. هیچ واتایان نییە دوور لە کۆنتێکست، بەڵام لەگەڵ بەشی یەکەم دێن، واتا پەیدا دەکەن، وەک

– کوڕێک

– کوڕەکە

- جوانتر
- ئازاد و نەوزاد

لیندا تۆماس ٢٠٠٤ لە تەواوی کتێبی Beginning Syntax هەر بە دیارخستنی ڕەگەزەکان ناوەستێ، بەڵکو ئەو ڕەگەزانە خورد دەکاتەوە، بۆ نموونە کە قسە لەسەر (ناو) دەکات باسی جۆرەکانی ناویش دەکات، هەروەها هەمان شت دەربارەی بەشەکانی دی دەکات.

نۆرمان ستاگەربێگ لە ل١٨٧ هەتا ل٢١٥ ی کتێبی An Introductory English Grammar باسی ناو و فرێزی ناویی، کردار و فرێزی کرداریی، ئاوەڵناو و فرێزی ئاوەڵناویی، ئاوەڵکردار و ئاوەڵکرداری دەکات، هەروەها باسی نۆ پاترنی سەرەکی ڕستەی ئینگلیزی دەکات کە لەو دوو ڕەگەزە پێک دێن.

**ئەنجام**

لەم کورتە نووسینەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، لەوانە:

١- چەندی زمانی زۆر بەراوردبکرێن، پێناسەکردنی سینتاکس ئاڵۆزتر دەبێ و پێناسەیەکی هەمەلایەنە دروست نابێ.

٢- سینتاکس لە هەر زمانێکدا واتای لە یەکترگەیشتن و پێوەندیکردن دێ، مۆرفۆلۆژی - وشەسازی ئەم ئەرکەی پێ نابینرێ.

٣- سترەکچەری زمان، یان شێوەی دارشتنی ڕستە، تایپۆلۆژی زمانی لێ دەبێتەوە و زمان ناسنامە - شوناس پەیدا دەکات.

٤- لێکسیکۆن گەر واتادار و مەقبوڵ نەبێ، جێگای لە کۆمەڵگا نابێتەوە.

**ژێدەر:**

**- Amin,Waria 1976. Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure, london.**

**-Crystal, D(1992). An psyclopedic dictionary of language & languages, Cambridge: Cambridge university press.**

**- Horsey, R.2002. 101 key ideas-linguistics, london.**

**-Mauger, G?. Cours de langue et de civilization Francaises, paris:machete.**

**Radford , Andrew 1997. syntax ,Cambridge: Cambridge university press.**

**-........................2004. English Syntax, Cambridge: Cambridge university press.**

**-Stageberg, Norman 1981. An Introductory English Grammar, London.**

**- Tallerman, Maggie1998. Understanding Syntax, new york.**

**Thomas, Linda 2004. Beginning Syntax, London.**

**-Thomas, Owen 1974. Transformational Grammar and the teacher of English**

**-Thomas, Linda 2004. Beginning Syntax, Australia.**